Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.26 01:25:39 +01'00'

# دادگاییکردنی سەدام . . دادپەروەرانە !

# یان سەدامیانە ؟

**نەوزاد وەلی ـ سوید**

لـەدوای گرتنی سـەدامەوە دوو بەرەکییەکی تەواو دروستبووە لـە چۆنیەتی دادگاییکردنیدا ، ئایا سەدام بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دادگایی بکرێت یان نا!

کەس نیە لـە عێراق و کوردستاندا و تەنانەت لـە وڵاتانی دەوروبەریشدا کە دڵخۆش نەبووبێت بە گرتنی سەدام ، مەگەر تەنیا ئەو کەسانە نەبن کە ڕەوشتیان لـە ئاستی ڕەوشتی سەدام و بەعسییەکاندایە و دەرونیشیان لـە دەرونی ئەوان ساغتر نیە!.

دادپەروەریی لـە عێراقدا خۆی لـە خۆیدا نەبوو ، لـەم چل ساڵـەی دواییشدا بە هاتنی بەعس و سەدام ، ئەو تۆزقاڵـە دادپەروەرییەی کە هەبوو ، ئەویش نەما.

ئەمڕۆ ئەو دەرفەتەمان بۆ ڕەخساوە کە هەنگاو بنێین بەرەو شارستانیی و جێگیرکردنی دادپەروەریی لـە عێراق و کوردستاندا ، بۆیە دادگای دادپەروەر یان بە شێوەیەکی گشتیی (بوونی داد و یاسا) یەکێکە لـە پایە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای شارستانیی و دیموکراتیی ، ئەگەر دادگا دادپەروەر نەبێت! ئەی ئەبێت چ دەزگایەك دادپەروەر بێت و کام دەزگا کێشەکانی کۆمەڵگا یەکلایی بکاتەوە؟ ئەگەر دادگا پەیڕەوی یاسا نەکات! ئەی ئەبێت کێ بیکات؟ ئەگەر دادگا سەرۆککۆمارێکی مرۆڤکوژ بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دادگایی نەکات! ئەی چ دەزگایەك و کێ بیکات؟

یەکێك لـەو بیروبۆچوونە منالآنەیە ئەوەیە کە ئەڵێت: سەدام دادپەروەر نەبووە و خوێنی هەزاران هەزاری ڕشتووە ، بۆیە نابێت دادپەروەرانە دادگایی بکرێت!

بەڕاستیی سەیرە! ئەو کەسانە لایان وایە کە ئەگەر دادگایەك دادپەروەر بێت ئیتر سزای مەرگ نادات بەسەر سەدام دا! یان لایان وایە کە ئەگەر پارێزەر و دادوەرە شۆڤێنیستە عەرەبەکان و فەرەنساییەکان و کەسانی تر داکۆکیی و بەرگریی لـە سەدام بکەن! ئیتر سەدام ڕزگاری ئەبێت! بەڵام ئەو جۆرە کەسانە لـەو ڕاستییە نەگەیشتوون کە نەك پارێزەر و دادوەرانی عەرەب ، تەنانەت هەموو پارێزەران و دادوەرانی دنیاش ناتوانن چاوپۆشیی بکەن لـەو هەموو گۆڕە بەکۆمەڵانە و لـەو هەموو خەڵکەی کە گوێی بڕاوە و ناوچەوانی بە (جبان) سوتێنراوە ، ئەی ئەو هەموو قوربانییەی هەڵـەبجە و نزیکەی دووسەد هەزار ئەنفالـکراو و هەشت هەزار بارزانی و زیادتر لـە هەشت سەد هەزار گیراوی سیاسی تەنیا لـەم چەند ساڵـەی دوایی حوکمی سەدام و بەعسدا ، ئەی ئەو هەموو بەعسییانەی کە خۆی بە دەستی خۆی کوشتوونی ، ئەی ئەو شەڕەی ئێران ، داگیرکردنی کوەیت و سوتاندنی داروبەرد و شاخەکانی کوردستان ، ئەی وشککردنی ئەهوارەکان و ..تد.

کەواتە با ئەو کەسانە دڵنیابن کە گەلانی عێراق و بەتایبەتییش گەلی کورد دەیان ساڵـە سزای ڕەوای خۆیان بۆ سەدام و پیاوەکانی بڕیارداوە و تەنیا چاوەڕێی ئەم ڕۆژەیان ئەکرد.

مەبەست لـە دادگاییکردنێکی دادپەروەرانەی سەدام لـە عێراقدا چییە و سودەکانی چین؟

– میسۆپۆتامیا (ناوچەی عێراقی ئێستا) لانکی یەکەم یاسای مرۆڤایەتییە.

– ئەبێت ئەو ڕاستییە بۆ گەلانی دنیا بسەلـمێنرێت کە گەلانی عێراق و کوردستان ، خەڵکانێکی دادپەروەرن و عاشقی تۆڵـەسەندنەوە و خوێنڕشتن نین.

– ئەبێت بە نەمانی بەعس و سەدام ، دادگا تەنیا دەزگایەك بێت كە خاوەن بڕیار بێت و هەر وەك لـە وڵاتانی خاوەن شارستانییدا ، بتوانێت بەبێ جیاوازیی و بە ئەوپەڕی دادپەروەرییەوە دادگایی هەر كەسێك بكات كە لـە یاسا لائەدات ، جا ئەو كەسە ساكارترین ئەندامی كۆمەڵـە یان سەرۆك حیزب و وەزیر و پەرلـەمانتار و سەرۆك دەوڵـەت.

– بە دادگاییكردنێكی دادپەروەرانەی سەدام و پیاوە خوێنخۆرەكانی ، ئەو ڕاستییە ئەسەلـمێنرێت كە ئەوە بەعس و سەدام بوون كە دادپەروەر نەبوون و ئەمەش گەلی عێراقە كە لـەگەڵ ئەو هەموو تاوانانەی كە ئەم كۆمەڵـە فاشیستە كردوویانە ، ئەوەتا بە ئەوپەڕی دادپەروەرییەوە (مافەكانیان!) ژێرپێ ناخرێن و بۆیان هەیە كە پارێزەریان هەبێت ، ئەگەر كەسیش پارێزەرییان بۆ نەكات ، ئەوا دەوڵـەت پارێزەریان بۆ دابینئەكات. ئەمەش بەبێ گوێدان بە جۆر و ڕادەی تاوانەكانی تاوانبار ، ئەوپەڕی دادوپەروەرییە و لـە وڵاتە ئیسلامییەكان و تۆتالـیتارییەكاندا نەبێت! لـە هەموو دنیادا پەیڕەوئەكرێت و یەكێكە لـە بنەماكانی كۆمەڵگای شارستانیی.

– نمونەی ئەم دادپەروەرییەش (دادگای نورنبێرگە) كە لـەدوای سەركەوتن بەسەر ئەڵـمانیای نازییدا ، هاوپەیمانان لـە شاری نورنبێرگی ئەڵـمانیادا دایانمەزراند ، گومان لـەوەدا نیە كە زۆربەمان ڕادەی تاوانەكانی ئەو نازیستانە ئەزانین كە كوشتنی دەیان میلـیۆن مرۆڤ بوو ، بەڵام دادگای نورنبێرگ مافی هیچ كەسێك لـەو تاوانبارانەی پێشێل نەكرد ، سەرئەنجامیش سزای مەرگی بۆ زۆربەیان دەركرد و سزاكانیش لـە كاتی خۆیاندا جێبەجێكران.

– لـە دادگایەكی نادادپەروەرانەدا بۆ سەدام و پیاوەكانی ، زۆر لـە ڕاستییەكان ونئەبن! بۆ نمونە ، ئەگەر سەدام و پیاوەكانی ناوی چەند كەسێكی سیاسی و بەرپرسی كورد و عەرەب و بێگانە ببەن كە پەیوەندییان پێیانەوە هەبووە و كەم یان زۆر بەشدار بوون لـە پلانە چەپەڵ و تاوانەكانیدا ، یان ئەو دەوڵـەت و حكومەت و كابینانەی كە دابینكەری چەكە كۆكوژەكان بوون! چی ڕووئەدات؟ كێ بڕوایان پێئەكات؟ ئایا هەرچی ئەوان دەربارەی كەسانی دەرەوەی خۆیان وتیان ، بوختان و درۆیە؟ كەواتە مرۆڤ تەنیا لـە دادگاییكردنێكی دادپەروەرانەدا ئەتوانێت بەشوێن ئەو زانیارییانەدا بچێت و زنجیرەی تاوان و تاوانباران بدۆزێتەوە ، چونكە سەدام چۆن ناوی خۆی ئەزانێت ، هەر واش ئەو ڕاستییە ئەزانێت كە ئیتر هیچی نەماوە لـەدەستی بچێت ، بۆیە لـەوانەیە ناوی سەدان كەسی ناودار لـەكەدار بكات ، بەڵام وەك وتمان ئەو ڕاستییانە تەنیا لـە داداگایەكی دادپەروەردا ئەدۆزرێنەوە ، خۆ ئەگەر وا نەبێت ئەوا ئەوانەی كە ساڵانێك سیخوڕی سەدام و بەعس بوون ، وەك بەرزەكی بانان بۆی دەرئەچن!.

– دادگاییكردنێكی دادپەروەرانە لـەعێراقدا بۆ كەسێكی وەك سەدام كە ساڵانێكی زۆر مایەی خەوزڕاندنی سەرجەمی وڵاتانی دراوسێ بوو ، خۆی لـە خۆیدا زەنگی هەڕەشەیە بۆ دیكتاتۆرەكان و ڕژێمە تۆتالـیتارەكانی ناوچەكە و هاندەرێكیشە بۆ گەلانی ناوچەكە كە ئیتر دەرسێك لـە عێراقی نوێوە فێرببن كە كەس لـە سەروو یاساوە نیە و دادگا سەنگی محەكە.

– لـە هەمان كاتیشدا دادگاییكردنی دادپەروەرانەی خوێنمژانی بەعس ، بەردەوامییەك ئەدات بە پرۆسێسی دادپەروەریی و هاووڵاتیان بەهێز و پشتئەستور ئەكات و وردەوردە (ئەبو فایلـەكان) ، سیخوڕ ، دز ، جەردە و مشەخۆرەكانی ئەم سەردەمەش ڕاپێچی دادگاكان ئەكرێن.

– ئەگەر دادگا نوێیەكانی عێراق دادپەروەر بن و ببن بە متمانەی خەڵكەكە ، ئەوا هیچ دور نیە كە دەوڵـەتی نوێی عێراق داوای دادگاییكردنی ئەو كۆنە جەنەراڵ و كەسانە بكات كە لـە كودەتا شومەكەی هەشتی شوباتی 1963 و بەدواوە ، خوێنی هەزاران ڕۆڵـەی گەلانی عێراقیان ڕشتووە و ئێستا لـە سعودیە و وڵاتانی كەنداون ، بۆ نمونە: عبدالـغني الـراوي ، إبراهیم الـداود ، عارف عبدالـرزاق و **صلاح** عمر الـعلي و سەدانی تر كە هێشتا لـە ژیاندان ، ئەمانە خوێنخۆری یەكتر بوون و هەزار و

یەك خاڵی ناكۆكیی لـەنێوانیاندا هەبوو ، بەڵام تەنیا خاڵێكی هاوبەشیان ، كوشتنی شیوعیەكان و ڕۆڵـە بە ئەمەكەكانی عێراق و كوردستان بووە!



**هەندێك لـە جەلادەكانی شیوعیەكان و ڕۆڵە بە ئەمەكەكانی گەلانی عێراق و كوردستان**

**لـە ڕاستەوە: راوي ، الداود ، عبدالرزاق و العلي**

كەواتە دادگا ئەبێت لـە هەموو سەردەمێكدا هەر دادپەروەربێت و تێكەڵ نەكرێت لـەگەڵ هەست و سۆز و سیاسەتدا و هەمیشە مافی تاكی كۆمەڵ پارێزراو بێت تا ئەو كاتەی دادگا بڕیاری خۆی ئەدات.

ئایا ئەو كەسە نەفامانەی كە داوای دادگاییكردنی نادادپەروەرانەی سەدام و پیاوەكانی ئەكەن ، ئەیانەوێت مێژوو چەندبارە بكەنەوە؟ ئایا دادگاكانی مەجلیسی قیادەی سەورە دادگا بوون! ئایا دادگاكانی شۆڕش و دادگا سەربازییەكان و دادگا تایبەتییەكان دادگا بوون یان قەسابخانە؟

ئەگەر دادگاكانی دوای بەعس و سەدام وەك سەردەمی پێشوو هەر بە سەدامییانە بمێننەوە! مانای ئەوەیە كە هیچمان نەكردووە و بە نەمانی بەعس و سەدام هیچ گۆڕانكارییەك ڕووینەداوە و تەنیا دەموچاوەكان گۆڕاون! ئەگەر وا نەبێت ئەی كامەیە جیاوازیی نێوان دوو سەردەم؟ سەردەمی فاشیزمی بەعس و سەردەمی شارستانیی و بەرەو دیموكراتیی دوای بەعس؟

بۆیە ئەمڕۆ زۆر گرنگە كە بە هەموو لایەكمان هەوڵبدەین دادپەروەریی لـە عێراق و كوردستان و ناوچەكەدا بچەسپێنین ، نەك پێ لـەو ئاوە بخەین كە سەدام بۆی ڕشتووین!.

گومان لـەوەدا نیە كە هەرچ دادگایەك بە شێوەیەكی دادپەروەرانە دادگایی سەدام بكات ، ئەوا بە ڕادەی ژمارەی قوربانییەكانی لـە سێدارەی ئەدات.

بۆ زانیاریی خوێنەر ، من وەك هەزاران كەسی تر یەكێكم لـە قوربانییەكانی سەدام و بەعس ، چ خۆم و چ بنەماڵـەكەم ، ئەو تاوانەی سەدام و بەعسییەكانیش كە هەرگیز لـە یادم ناچێت ، ئەوەیە كە باوكم و بیست و حەوت قارەمانی تری ئەم گەلـەیان لـە سەروبەندی كودەتا شومەكەی شوباتی 1963 دا بە بەرچاوی ئێمەی كەسوكار و خەڵكی شاری كەركوكەوە لـە سێدارە دا ، بەڵام لـەگەڵ ئەوەشدا پێمخۆش نیە سەدام بكوژرێت! **چونكە ئەمڕۆ كوشتن مەزنترین سۆز و بەزەیی و خێرە بە سەدام!** بۆیە من نامەوێت كەس ئەو خێرەی پێبكات ، بەلای منەوە **(لـەناوبردنی)** سەدام وەك **(لـێبوردنی)** وایە! جا كێ هەیە بوێرێت ئەو خێرە بە سەدام بكات؟ ئایا مانەوەی سەدام بە زەلیلیی تا ئەو كاتەی خۆی ئەمرێت ، باشتر نیە لـەوەی كە لـە خولـەكێكدا بكوژرێت و ڕزگاری ببێت؟

ئەگەر دەرامەت هەبێت ئەوا پێویستە (مۆزەخانەی فاشیزمی سەدام و بەعس) بكرێتەوە ، مۆزەخانەیەك لـە هەڵـەبجەدا كە سەدام و پیاوە خوێنخۆرەكانی تیادا بەندبكرێن و هەموو ئێسك و پروسكەكانی گۆڕە بەكۆمەڵ و قوربانییەكانیانی تیادا

کۆبکرێنەوە. هەروەها ناوچەکەش ببێت بە ناوچەیەکی گەورەی گەشتوگوزار و مرۆڤ لـە هەموو لایەکی دنیاوە بێن بۆ سەیرکردنی ئەم مۆزەخانە زیندووە و منالآنی قوتابخانەکان دەستە دەستە لـە هەموو قوژبنێکی وڵاتەوە بهێنرێن بۆ سەیرکردنی گەورەترین خوێنمژی سەردەم و **دیارییەکی بچوکیش لـە شێوەی ڕق و قین و تفێکدا** بۆ سەدام و پیاوەکانی بەجێبهێڵـن!.

2003-12-24

**تێبینی:**

**(ڕێگای کوردستان) و سایتەکەی ئەم بابەتەیان بڵاونەکردەوە! وەك لـە ژمارەکانی ئەم دواییەیدا دەرئەکەوێت بە گشتیی ئەو بابەتانە بڵاوئەکاتەوە کە لـەووبەر لـە سایتەکاندا بڵاوکرابنەوە!**